سەرکی حکومەتی لیبیا: لەگەڵ سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرکی ئەمریکا ناترسین



عەبدولحەمید دەبیبەی سەرکی حکومەتی یەکگرتووی نیشتمانیی لیبیا رایگەیاند، وڵاتەکەی لەگەڵ سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرکی ئەمریکا ناترسێت و باشترین ڕێگەش بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان گفتوگۆ و لەیەکتر تێگەیشتنە.

عەبدولحەمید دەبیبە لە میانی بەشداریکردنی لە کۆبەندی ئابووری جیهانی داڤۆس دوپاتیکردەوە، نزیکبوونەوەی لەسەقامگیری ئاسایش بە تەنیا بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، وڵاتەکەی سەرەڕای قەبارە بچوکەکەی و توانا تاکەیەک لاوازەکانی، خاوەنی ئیرادەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ پێشکەوتن و لەگەڵ سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرکی نوێی ئەمریکاش ناترسێت".

ڕونیشیکردەوە، "وانە لە ئەزمونی وڵاتانی وەک ئەفغانستان و سوریا فێربوین، قەیرانەکان دەریانخست کە چارەسەرەکان پێویستیان بە پاڵپشتیکردنی کولتور و میرات و خودی ژیانی مرۆڤ هەیە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان لە تێگەیشتنە لە

خواستەکانی گەلی لیبیا و پاڵپشتیکردنی کاریگەرانە.

سەرۆك وەزیرانی لیبیا ئەوەشیخستەوو، "بەهێزکردنی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت لەسەر بنەمای هاوسەنگ بن کە پاڵپشتی بۆ ئاسایش و چەکداویستییە مرۆییەکان کەبکەنەوە".

عەبدولحەمید دەبیبە هۆشداریدا لە پشتگوێخستنی ئەو وانانەی کە لە ئەزمونی وڵاتانی دیکەوە فێربون و وتی، "چارەسەری هەمەلایەنە پێویستی بە بەهێزکردنی دیالۆگی نیشتمانی و دروستکردنی متمانەیە لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا".